# له ستۆكهۆڵم خانەوادەیەكی كورد كۆنفۆیان كردۆتە بەشێك لە ژیانیان



### سـەرۆكی یانـەی ((هەڵمـەت كۆنفـۆ كلـۆپ ))

ی سـویدی خێزانێكـی كـوردن، یانەكە بە سەرپەرشـتی (هەڵمـەت ئەمین )كارو چالاكیەكانی بەڕێوە دەچن، هەر لە سـاڵی ١٩٩٢ كە نیشتەجێی شاری ستۆكهۆڵمە ئەم یانەیەیان دامەزراندووە، سـاڵی ٢٠٠٩ وەك باشـترین راهێنەرو مامۆستای وڵاتی سوید هەڵبژێـردراوەو لە لایەن خانەی دەوڵەتەوە بە بڕی ١٠٠هەزار كـرۆن خەڵات كراوە دوای ئەوە خۆیـی و خانەوادەكـەی بە فەرمی بانگهێشـتی خانەی ناوبراو كراون وەزیری وەرزش و لاوانی سـویدی بـە نوێنەرایەتی شای سـوید خەڵاتەكەی پێ بەخشیون، ئەو دبلۆمەی هەڵمەت دەیبەخشـێتە ئەندامانی یانەكەی لەسـەر ئاستی نێـو دەوڵەتی ددانپیانـراوە، زۆربـەی قوتابیەكانی خۆی ئێستا بوونەتـە خاوەنـی یانەی سەربەخۆو لە سـوید و وڵاتانی تـردا

لەوانەش ئەمیر مەحموودی . رێبوار عارف . ئاریف ئاكار . بروسك دالاهۆ . عەمەردلێمی . نادر موختاری ..لەسەر ئاستی خێزانەكەشی كوڕان و كیژی خۆی لەسـەر ئەم هونەرە راهێناوە شاهۆی كوڕی خاوەنی پشتێنی رەشە و لانەی كیژی خاوەنی پشـتێنی سـوورە و شـالاویش پشتێنی سەوز و هەرسـێكیان وەك راهێنەر لـە یانەكەدان، میلان خانمی خێزانیشی وەك قوتابی راهێنراوە لەسەر هونەری كۆنفۆ، هەڵمەت هەر لەگەڵ گەیشتنی بەو وڵاتە چوون گوڵی هێرۆ لەناو بەندەن و سەختەنی كەشەهەوا هەر بە رەونەق و گەشاوەیی خۆیەوە دەپشكوێت ودەمێنێتەوە ئاوها لە تاراوگەدا كۆنفۆی كردۆتە وەرزش و تەسـەللای كاتەكانی خۆی و خانەوادەی بەرێـزی پێ دەداتـەوە، كۆنفۆ لای ئەمان رێچكەیەكـی هونـەری و وەرزشـییە بۆ گەیاندنـی پەیامێك و بۆ بـەرز راگرتنی ناوی كوردسـتان لە وڵاتانـی ئەوروپاییدا، لە مێژ بوو نـاوی ئەمانم بیسـتبوو بۆیە بە گەیشـتنم بۆ سـتۆكهۆڵم راسـتەوخۆ سـەرۆكی یانەكە( سەرەك خێزان)م بینی و لـە دیمانەیەكدا بەم شـێوەیە رای خـۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەربڕی (( كۆنفـۆ وەرزشـێكی رۆحی و جەسـتەییە بۆ ئارامبوونـەوەی دەروون و خۆناسـینەوەی مـرۆڤ و زاڵبـوون بەسـەر بڕیارو رەوت و رێچكەكانـی ژیاندا، ئەویش بە زاڵبوون بەسەر ماسـوولكەكان و هەسـت و ئارەزووەكان و هـزری مرۆڤ هـەر لـە كۆنترۆڵكردنی باڵانـس و هێـزو ئەنارژییەوە تا سـەنگین كردنی دەروون لە پێناوی خۆشـگوزەرانی و بەختەوەری مرۆڤدا، چونكە گەر هەركەسێك نـاخ و دەروون و وزەی خـۆی ناسـی لە گەوهەری مرۆڤانەی خۆی شارەزا دەبێت و رێز بۆ بەرانبەرەكەی دادەنێت، تەنانەت رێز لە بوونەوەرەكانی سەر گۆی زەویش دەگرێت ))

دواتر سەبارەت بە فێربوونی ئەم وەرزشە وتی ((هەر لە منداڵیمەوە دەسـتم بە مشتەكۆڵەو زۆرانبازی و كاراتییە كردوە، لە قۆناغەكانی تەمەنمدا مامۆسـتای باشم هەبوون، لەوان ناسـڕی شـاكەرەم و ئوسـتادەكانی تری وەك ئوسـتاد شـەعبان لە بۆكسـێن، ئیتر كـە زیاتر تەمەنم بەرەو فـراژی بوون چوو مامۆستایەكی چینی بەناوی ((یان چیلای )) لـە فێركردنی كۆنفـۆدا هاریكارم بوو، هەروەها مامۆسـتا ((خولین خوا ))كە لە لایەنی رۆحیەوە پەروەردەی كردوم ؛ كەسێكی تـر لە بواری مەساج و شێلان مامۆستام بوو بـە ناوی ((پاری شـنایدەر )) هەموویان پێكەوە وزەو توانای رۆحی و جەسـتەیی منیـان بە دروسـتی پەروەردە كردوە بـۆ ئەم



















وەرزشـــە )) تا ئێســـتا زیاتر لـــە دە جار لە لایەن ماســـمیدیای ســـویدەوە ریپۆرتاژ بۆ چالاکیەکانیان

ئەنجـــام دراوە هەمـــوو جارێـــك هەلـــی قۆستۆتەوە تا بە ناوی کوردی کوردستانەوە بئاخڤێت، پێی وایە (( گەر ئەم وەرزشە بە شـــێوازی پەروەردەیی و بە پراکتیك بخرێتە ناو پرۆگرامـــی خوێندنی کوردســـتانەوە ســـوودی زۆری دەبێت بۆ دروســـت بوونی کۆمەڵگەیەکی ئارام و تەندروســـت و وریاو زیرەك )) بەڵگەشـــی بۆ ئەو راسپاردەیەی خۆی، منداڵەکانێتی کە لەسەرەتای چوونیان بۆ مەکتەب مەشقی کۆنفۆی پێداون بۆیە هەموو ساڵێك لەسەر ئاســـتی پۆلەکانیان یەکـــەم بـــوون، نموونەییترین هـــاوڕێ و لێبوردەترین کەســـی فێرگەکانیان بوون، لە وانەکانیشیاندا باشترین گوێگرو وەرگربوون چونکە لە جەستەودەروونداوەرزشی کۆنفۆ ئارام و سەنگینی کردون، ئەم وەرزشە چاوو گوێ و هەستەکانی مرۆڤ سەنگین دەکات، توانای تەرکیز بەهێزدەکات، درك بـــە وزە شاراوەکانی ناخ دەکەیت ..



ماجید نوری
ستۆکهۆڵم

## شەیما ئەبابەکر یاریزانی یانەی قەڵای تورکمان:

# بە ئومێدم درێسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەر بکەم

**شـــەیما لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی شـــاری هەولێرە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی تیپی تۆپی دەســـتی یانەی قەڵای تورکمان، لە پاڵەوانییەتی تۆپی دەســـتی کوردســـتانیش بووە گۆڵکاری کوردســـتان، هاوکات شەیما مامۆستای وەرزشـــیە لە پەروەدەی خەبات و ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



*** دەســـتپێکی ژیانی وەرزشـــیت چۆن بوو، لەکوێ بوو؟**

- ســـەرەتای هاتنم بـــۆ نێو بـــواری وەرزش لەقوتابخانـــەکان یاریم دەکردو دواتریش چوومە یانـــەی ئاڵاو دوای ئەویـــش بۆیانەی قەڵا و لەیانەی هەولێر بۆپـــەروەدەی هەولێرش یاریم کردووە، یاریزانـــی تیپی باڵەی یانەی ئارارات بووم و ئێستاش گەڕاومەتەوە بۆ یانەی قەڵا.

*** ئاســـتی یاری تۆپی دەستی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەڕاستی ئاستی یاری تۆپی دەستی ئێستا بەرەو پێشچوونی باشـــی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی لە شارەکانی کوردستان ململانێ باش هەیە بـــۆ پێگەیاندنی یاریزانانـــی بەتوانا لەم یارییە، هیوادارم زیاتر ئەم یارییە پەرەبستێنێ.

*** ئاستی پاڵەوانییەتی تۆپی دەستی ئەمساڵ چۆن بوو؟**

- باش بوو، بەڵام پێویستبوو ژمارەی یانەکانی کوردســـتان زۆرتر بوایە پاڵەوانەتیەکە خۆشتر دەبوو.

*** چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- بەڕاستی پێویستە یانەکانی کوردستان زیاتر گرنگی بە ئاســـتی کچان بدەن و پاڵەوانەتی زیاتریان بۆبکەنەوە، یانەکان پشـــتگیری خۆیان زیاتر بۆئەم یارییە بکەن تاکو ئاســـتی تیپەکان هەر لەبـــەرەو پێش چـــوون بێـــت، کردنەوەی یاریـــگای تایبەت بـــەم یارییـــە بۆیانەکانی کوردستان سوودی باشی دەبێت.

*** باشترین دەسکەوتەکانت چین وەکو یاریزان؟**

- دەســـکەوتی زۆرم لەگەڵ ئەو یانانەی یاریم بۆی کردووە بەدەســـت هێنـــاوە، بەتایبەتی لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی دەست.

*** دەڵێن ژمارەیەك یاری ئەنجام دەدەی؟**

- بەڵێ، یاریزانی تۆپی دەست و گۆڕەپان و مەیدان و بالە-شم.

*** کێشـــە و گرفتەکانتان چین بەگشـــتی لە یانەکەتان؟**

- کێشـــەی نەبوونی یارگامان هەیە، لەســـەر یاریگای سەببە مەشق دەکەین.

*** چی بکرێت باشە تاکو ئافرەتانی کورد زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی و وەرزش بکەن؟**

- لەهەر شارێك قوتابخانەیەکی تایبەت دروست بکرێت، لەگشـــت یارییەکان کە تایبەت بێت بە ئافرەتان بۆ ئەوەی کەمێك وەرزشـــی ئافرەتان بەرەو پێش بچێت.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیـــوادارم بتوانـــم لە داهاتـــوودا خزمەتی ئافرەتانی وەرزشکار بکەم و خزمەتی وەرزشی کوردســـتان بکەم و درێســـی هەڵبـــژاردەی کوردستان لەبەر بکەم.

*** هەستت چی بوو بوویتە گۆڵکاری خولەکە کە ٣١ گۆڵت تۆمارکرد؟**

- زۆردڵخـــۆش بـــووم، کە توانیـــم ٣١گۆڵ تۆماربکەم و توانیشـــمان پلەی سێیەم بەدەست بهێنین.

*** دەســـتەی کارگێـــڕی چـــۆن هاوکاریتان دەکات؟**

-سوپاســـی دەســـتەی کارگێڕی و مامۆستا نامیق دەکەم کەوا زۆر هاوکاریمان دەکات.



## سەفا نوری ڕاهێنەری لاوانی نەورۆز:

# تا یانەی خۆم ڕاوەستابن بۆ هیچ یانەیەک ڕاهێنەرایەتی ناکەم..

**سەفا یەكێكە لە ڕاهێنەرە بەتواناكانی كوردستان لە ئاستی لاوان بۆ تۆپی پێ و چەندین یاریزانی پێگەیاندووە بۆ تیپی یەكەمی یانەكەیان، یەكێك بوو لە یاریزانەكانی یانەی سلێمانی، ئێستاش ماوەی چەند ساڵێكە لە لاوانی یانەی نەورۆز ئەركی مەشقی ئەو یانەی لەئەستۆیە، ئێمەش لە نزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** كردنەوەی خولی لاوان بۆ یانەكان تاچەند پێوستە؟**

- كردنەوەی ئەم خولانە بۆپێگەیاندنی یاریزانان زۆر گرنگە، سەرەتای هەموو یانەیەك لەم تیپانە دەست پێدەكات. هەموو یانەیەك لە كوردستان دەبێت بنچینەی هەبێت، پێویست بەوەناكات یاریزانی دەرەوەش بهێنین و پارەیەكی زۆری بۆ سەرف كەین. چونكە بە كردنەوەی ئەو خولانە یاریزان دەبێتە هۆی ئەوەی كەوا خۆت بە خێوی كەیت و خۆشیت بەرهەمی بهێنێت.

*** ژمارەی ئەو یاریزانانەی لە لاتن لە لاوان چەند یاریزان دەبێت؟**

-نزیكەی ٢٥یاریزان دەبێت.

*** بۆ دیاری كردنی یاریزانان بۆتیپی لاوان پشت بە چ بنەمایەك دەبەستی؟**

- وەكو تیپی لاوانی نەورۆز پارساڵیش لەریزی تازە پێگەیشتوان پلەی یەكەمان بەدەست هێناوە، یاریزانەكان لەگەڵمان سەركەوتوون، بۆ ریزی لاوان زیاتر پشت بە یاریزانانی تەمەن بچووك دەبەستین، لەهەموو لایەك یاریزانی باشمان دەست دەكەوێت.

*** لە یانەكەتان یاریزانانی بەتەمەن دیارن، لە كاتێك ئێوە بە تەمەن بچووك ناسندوتانن.**

- یاریزانەكانمان هەر یەكەو هی شوێنێكە، تیایدایە خەڵكی سەیدسادق و چەمچەماڵ و شێوەی هەڵكەوتنەكەی بەپێ ژینگە وایە ئەگەر نا تەمەنیان بچووكە و بە هیچ شێوەیەك یاریزانی بەتەمەنمان نییە، خۆم لە رەگەزنامە بەدوایان داچوومە.

*** كێشەو گرفتان چیە؟**

-هیچ كێشەیەكمان نییە و سوپاس بۆیەكێتی تۆپی پێی كوردستانیش كەوا ساڵانە خول بۆلاوان دەكەنەوە. بەهیوای ئەوەین خولی بەردەوامان بۆئەنجام بدەن.

*** یاریزانەكانی تیپەكەتان بەشێوازی مووچە یان بۆند لەگەڵتانن؟**

-ئەم یاریزانانە هەمووی خۆمان دروستمان كردون، تەنیا مووچەیان هەیە، چونكە ماوەی زیاتر لەپێنج ساڵە لای ئێمەن و بە سێ قۆناغ تێپەڕیون.

***كردنەوەی خولی لاوان بەیەك قۆناغ باشترە یان دوو قۆناغ بێت؟**

-ئەركەكەی قورستر دەبێت ئەگەر دوو قۆناغ بێت، یەكێتی تۆپی پێی كوردستان



ئەوەیان بە ئێمە وتووە كەوا ئەوە سەرەتایە ئەو خولە وا دەبێت، ئەگەر بكرێتە دوو قۆناغ باشتریش دەبێت.

*** وەكو ڕاهێنەرێك چەند خولی ڕاهێنەریت بینوە؟**

-سێ خولم بینیوە و سوودیشم زۆر لێبینیوە.

***هیچ یانەیەك داوای لێ نەكردنی بۆئەوەی ئەركی ڕاهێنەرایەتی وەربگریت؟**

-تا ئێستا نەخێر، بەڵام یانەی نەورۆز دوا وێستگەی ژیانی وەرزشیم دەبێت.

***خۆشترین یادگاریت لەگەڵ یانەی سلێمانی كاتی خۆی كە یاریزان بوویت؟**

-یادگاریم لەگەڵ ئەو یانەیە زۆرە، خۆشترینیان ئەوە بوو لەگەڵ یەك لە یانەكانی تەڵەبە یان جەوییە بوو لە خولەكی ٩١ گۆڵی یەكسان بوونم بۆ سلێمانی تۆماركرد.

*** هەست ناكەی یانەی سلێمانی غەدریان لێكردوی كە تۆیان نەكردووە ڕاهێنەر لە یانەكە؟**

-نەك تەنیا لەمن بەڵكو غەدریان لە زۆر یاریزانی تریش كردووە لە یانەكە، لەیانەی نەورۆز بە ئێمەیان وت واز لە یاریكردن بهێنن، بەڵام دەست بەردارتان نابین و كارەكتان پێ رادەسپێرین، ئەگەر یانەی سلێمانی ئەو كارە بكات زۆرباشە بۆیاریزانەكانی تر.

*** بۆبەرەو پێشچوونی خولی لاوان چیبكرێت باشە؟**

- كاری باشیان كردووە، یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بۆ تیپی لاوانی یانەكانی كوردستان، ئەگەر پاسمان بۆ دابین بكەن ئەو كارێكی باشە، ئەگەر خولەكەش نەكرێتە كاتی قوتابخانە زۆرباشە، چونكە لە كاتی قوتابخانە زۆر ماندومان دەكات.

***ئەگەر یانەیەكی هەولێر داوای ڕاهێنەرایەتیت لێبكات، وەڵامت چی دەبێت؟**

-تا یانەكەی خۆم ئامادە بێت، نەخێر بۆهیچ یانەیەك ڕاهێنەرایەتی ناكەم.



# دیمنتیڤا ماڵئاوایی لە یاری تێنسی سەر زەوی کرد

دوای بەشداریکردنی لە پاڵەوانییەتی ماسترز، کە لە وڵاتی قەتەر ئەنجام درا، یاریزانی تێنسی سەر زەوی رووسی یلینا دیمنتیڤا بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە یاری تێنسی سەر زەوی بهێنێت و ماڵئاوایی لێبکات.

دوای ئەوەی لە دوایین یاری قۆناغی یەکەمی پاڵەوانییەتی ماستەرز بۆ یاری تێنس کچە یاریزانی رووسی رووبەڕووی کچە یاریزانی ئیتاڵی سکیافۆنی بووە، لەم یارییە یلینا تووشی دۆڕان هات، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە یلینا دیمنتیڤا لە ناوەڕاستی یاریگە بڕیاری دا ماڵئاوایی لە یاری تێنسی سەر زەوی بکات، دوای یاریکردنی وەکو یاریزانێکی پیشەگەر بۆ ماوەی ١٢ ساڵ، لەم ماوەیە توانی چەندین نازناوی لە پاڵەوانییەتیە گەورەکان بە دەستبهێنێت.

جێگەی باسە کچە یاریزانی رووسی یلینا دیمنتیڤا تەمەن ٢٩ ساڵ لەقۆناغی یەکەم ماڵئاوایی لە پاڵەوانییەتی ماستەرز کرد دوای ئەوەی لە کۆمەڵەکەی لە پلەی چوارەم هات بە بەدەستهێنانی یەك سەرکەوتن و لە دوو یاری تووشی دۆڕان هات.

## ئاڵان ئیڤرسۆن چووە یانەی بێشکتاشی تورکی

ئەستێرەی تۆپی باسکەی ئەمریکی ئاڵان ئیڤرسۆن بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی بێشکتاشی تورکی مۆرکرد بۆ ئەوەی لەریزی ئەم یانەیە بۆ ماوەی دوو وەرز یاری بکات.

ئاڵان ئیڤرسۆن تەمەن ٣٥ ساڵ بەبڕی چوار ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ یانەی بێشکتاش مۆرکردووە.

لە لێدوانێکی دا بۆ رۆژنامەکان ئاڵان ئیڤرسۆن وتی: یانەی بێشکتاش بە گشت مەرجەکانی من رازی بوو، منیش ئەم شتەم دەویست بۆیە گرێبەستم لەگەڵ مۆرکردن.

جێگەی باسە ئاڵان ئیڤرسۆن لە وەرزی رابردوو لەخولی پیشەگەرەکانی ئەمریکا لە ریزی یانەی فلادلفیا سڤینتی سێکرز یاری دەکرد و لەساڵی ٢٠٠١ بە باشترین یاریزان لە خولی یانە پیشەگەرەکانی ئەمریکا دەستنیشان کرا.




## کوڕانی ژاپۆن ب...

دوای رکابەرییەکی بەهێز هەفتەی رابردوو لە وڵاتی تورکیا کۆتایی بە پاڵەوانییەتی جیهان هات لە یاری جۆدۆ لەسەر ئاستی کوڕان و کچان.

لەسەر ئاستی کوڕان هەڵبژاردەی ژاپۆن توانی پلەی یەکەمی ئەم پاڵەوانییەتیە بەدەست بهێنێت بە کۆکردنەوەی زۆرترین خاڵ و هەڵبژاردەی بەرازیل توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت و هەڵبژاردەی کۆریای باشوور پلەی سێیەمی بە دەستهێنا.

لەسەر ئاستی کچاندا هەڵبژاردەی هۆڵەندا بووە پاڵەوان دوای ئەوەی بە کۆکردنەوەی زۆرترین خاڵ توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

# جلشۆرێک بۆ جلوبەرگی وەرزشی



لەتازەترین داهێنانی خۆیدا کۆمپانیای LG بۆ ئەلیکترۆنیات جلشۆرێکی تایبەتی بۆ شووشتنی جلوبەرگی وەرزشی بەشێوەیەکی تایبەت و بۆ ئەمکارە و چەند تایبەتمەندییەکی داناوە.

ئەم داهێنانە بۆ ئەوەیە جلوبەرگە وەرزشییەکان، کە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە کاتی شوشتندا تێکەڵ بە جلەکانی دیکە نەبن و تێك نەچن.

ئەم داهاێنانە سەرنجی گشت وەرزشوانەکانی بۆ خۆی راکێشا و لەکاتی کردنەوەی پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی ئەم جۆرە جل شۆرە نمایش کرا.

# درێنتی سزا درا

درێنتی هۆڵەندی یاریزانی یانەی ئەرکۆلیسی ئیسپانیا بەهۆی خێرایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن پۆلیسی ئیسپانیا سزا درا.

بەپێی راپۆرتە هەواڵێکی رۆژنامەکانی ئیسپانیا درێنتی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە خێراییەکی زۆر بۆ ئەوەی بگاتە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئیسپانیا، بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان هۆکاری ئەم خێراییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکێك لە هاوڕێیەکانی یاریزانی ناوبراو لەم نەخۆشخانە نیشتەجێ بووە و هەوڵی داوە سەردانی بکات.

جێگەی باسە یاریزان درێنتی پێشتر لەیانەی ریال مەدرید یاری کردووە، لەهەمان کاتدا یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە بووە.



## ـــوونە پاڵەوانی جیهان لە یاری جۆدۆ



بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەر... وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386